# ئاوەکە لەسەرچاوەکەیەوە لێڵە!

## دەربارەی کۆچی بە لێشاوی لاوان

**بەشدار عەلی**
Bashdar_net@yahoo.com

کۆچی لاوانی کوردستان لەساتەوەختی ئاودیوکردنی شۆفەڵ و سەیارەو ئامێرو مەکینەکان, لەگەڵ فەرهود و تالآنیەکەی پاش بەهاری 1991 دەستی پێکرد,پێش ئەم بەروارە لاوان و خەڵك بەگشتی دەچوونە دەرەوە, بەلآم ناتواندریَ پێی بگوترێت (کۆچ) بەڵکو سەفەر یان سەردان یان هەناوێکی تر. بەس کاتێك کەبەرەی کوردستانی هاتە ناوشارەکان کاروکردەوەو هەڵسوکەوتی حزبەکانی نێو بەرە لەلایەن لاوان و خەڵکی کوردستانەوە هەڵسەنگێندرا ئیتر ئومێد وچاوەڕوانیەکیان لیَ ئەکراو کۆچ دەستی پێکرد, ئەم هەڵسەنگاندنەی خەڵکیش راست و رەوان دەرچوو چونکە بینیمان لاوان کرانە سوتەمەنی جەنگە بێماناکانیان, پرس و رووت کران, ریسواو بیَ اعتبار کران, سەرکەوت و کۆیلەکران.... ئیتر لێشاوی کۆچی خەڵك بەگشتی و لاوان بەتایبەت رووەو ولآتانی رۆژئاواو تەنانەت ولآتانی دەوروبەر رۆژ لەدوای رۆژ لە زیادبووندا بووە, بەلآم لەکاتی رووخانی رژێمی بەعس و دوایی ئەم رووخانە تا رادەیەك دەتوانین بڵێین خاوبوونەوەیەکی بەخۆیەوە بینیووە, لەماوەی یەك ساڵی رابردووەوە ئەم خاوبوونەوەیە نەماو لاوان دەستە دەستە کوردستان جیَ دەهێلین و تەنانەت ئەگەر بە قیمەتی گیانی لە دەست دانیشیان بێت بڕیاریان داوە ئەگەڕێتەوە !

ئیتر (حکومەت و پەرلەمانی خۆماڵی) و فیدرالی و ئازادی و.....هتد, نەیتوانیوەو ناتوانیَ یەك دانەش لەم گونجانە بگەرێنێتەوەو بڕوای لا دروست بکات چونکە ئەم گەنجە لەهەناوی ئەم دەسەلآتە گەورەو لە دایك بوو, فێربووکە وەعدو بەڵێن و پەیمان چاوەڕوانی و تەمەن کوشتنە. تەنانەت شێوازی توندوتۆقێنەرو نەدانی جەواز سەفەر بە لاوان و توندکردنەوەی سنورەکانیش ناتوانیَ بەربەم لێشاوی کۆچە بگرێت. لاوان بۆیە کەمێك لە کۆچ کردن ساردبوونەوە, چونکە چاوەڕوان بوون بەرووخانی رژێمی بەعس سەرگەردانی و پلەدوویی و ژێر دەستەیی و بیَ چارەنووسی کۆتایی پێبێت و وەکو هاولآتیەکی خاوەن ماف و ئازادی وکیان ممارەسەی حەزو خۆزگەو هیواکانی خۆیان بکەن و وەزعیەت و گوزەرانیان کەمێك باش بێت و ژیانی مەمرەو مەژی و کاری تاقەت پروکێن و سەرکوت وئازاردان.........., نەمێنێت.بەلآم دوای رووخانی رژێم سەرباری مانەوەی هەموو دەردو موسیبەت و وێرانی و کوێرەوەریەکان تیرۆرو کوشتنی دەستەجەمعی و تەقاندنەوە بووە دیاردەیەکی تری دەسەلآتی کوردی بۆ خەڵکی کوردستان لە ئەنجامی دەست راکێشانی ئەمریکا بۆ ناوچەکەو گریَ دانەوەی چارەنووسی خەڵکی کوردستان بە بەغدا. جگە لەمەش هەلآوسانی گیرفانی بەرپرسەکان بەهۆی دزی و راووڕووتەوە, نرخی هەموو شتەکان چەند بەرامبەر بۆ ئەوەو دەسکەوتی مانگانەی هەرە زۆری خەڵکیش پارەیەکی رەمزیە کە تەنها بەشی هەفتەیەکی ناکات, ئیتر گەندەڵی تارادەیەك رۆیشتووە گەیشتۆتە رادەی تالآنی لاوانی کوردستان لەنێو سایکۆلۆژیەتی بێزاری دەروونی و رۆحی و فیکری و جەستەی راگیراون, یاسای سەردەمی ئەشکەوت لەم سەردەمەی ئەنتەرنێت ورۆبۆت کاری پێدەکرێت, رێساو داب و نەریتێکی تاسەر ئێسقان دواکەوتوو رۆژانە بە هەزارەها شێوەو شێواز بەسەر سەری خەڵکەوە تۆخی دەکەنەوە, کە لە ئەنجامی ئەمانەدا هەرچوار پەلی گەنجی گرتووەو بەستووە کە نەتوانیَ ممارەسەی سەرەتاترین و سەخیترین حەزو خۆزگەو هیواکانی خۆی بکات, دەست بردن بۆ کارە تایبەتیەکانی بە پێی یاساو رێساکان بە مەرگ کۆتایی دێت. گەنجێك دوای چەندین ساڵ نەبوونی و بیَ پارەیی و بیَ جل وبەرگی و ئێش و ئازاری خوێندن,کە خوێندن تەواودەکات ئەگەر بەخت یاوەری بێت و دابمەزرێت, مووچەی ساڵێکی ناتوانیَ دەستە جلکێك بە ئارەزووی خۆی بکرێت بە مەرجێك خێزاندار نەبێت,

ئەمە جگە لەوەی کە نابێت بە هیچ شێوەیەك بیر لە ژیانی هاوسەری و یان هەر پرۆژەیەکی تر بکاتەوە, چونکە ریسوایی و شەرمەزاری لە دوایەو  تاقە ژوورێکی دەست ناکەوێت, کەچی لەملاوە بەرپرسەکان رۆژ لەنێو ڤێلاکانیان دەکەنەوە. ئیتر ئێمەی گەنج نازانین دڵمان بەچی خۆش بکەینڤ بە چارەنوسس وئایندەیەکی لێڵ و تاریك لەژێر دەسەلآتی عەشایەری و ئیسلامی کە دڵنیاین رۆژێك دادیٚ لە بەعس خراپترمان بەسەر دێنیٚ, یان بەو پارك وباخچانەی کەهەر لەگەڵ یەکەم هەنگاوت کۆمەڵێك چاودێرو کامێرای چاودێری بەخێرهاتنت دەکەن, یان بەم باس و دادگاییانەی بەجێبەجێکردنیان رۆژانە جەستەی سەدان کوڕو کچ لەشارو شارۆچکەو گوندەکان هەنجن هەنجن دەکرێت,یان بەسەیرکردنی مۆنیکاو ڤێلاکانی بەرپرسە مێژووە رەشەکان, یاخود بەئاگرو گوللە و ژوورە تاریکەکانی  زیندان کە چاوەڕێی هەر کەسێکمان دەکات کە بڵێین "نا" بۆ هەموو ئەو شتانەی سەرەوە. لەکۆتاییدا بۆ هیچ کەسێك خۆشی نیە دوور لە خانەوادەو  کەس وکاری و هاورێکانی بژیت ئەگەر دەروازەیەکی ژیان کردنشك بدرێت بەڵام بەداخەوە تروسکاییەکی روناکیان نەهێشتۆتەوە.